# بەرەو کۆمەڵگایەکی دیموکراسی

دیدار محمد قادر
توێژەری کۆمەڵایەتی



بێگومان دیموکراسی وەک پرۆسەیەکی مێژوویی، لەم سەردەمەدا بووەتە چەمکی سەرەکی پیادەکردنی رەوتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ژیان و پراکتیزەکردنی بنەما سەرەکییەکانی ئەو سیستەمەی، کە بە سیستەمی نوێی جیهان، یان وردتر بڵێین بە دنیای جیهانگیری ئەمرۆ ناسراوە. بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لە پێشکەوتنی سیستەمی دیموکراتی بەپشتبەستن بە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، لە بواری سیاسەت،ئابووری، کۆمەڵایەتی تەنانەت لە بواری ئاینیشدا، بەڵکو لە سەر ئاستی خوێندن و ژیانی رۆژانەی خەڵکیشدا. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە دنیا کەوتۆتە قۆناخێکی نوێی پەرەسەندن و بەردەوام لە گۆڕاندایە، بەپێی ململانێی چینایەتی هەر کۆمەڵگایەک و بۆ زیاتر رۆچوونە ناخی دیموکراسی و قازانجەکانی، کە دەبێت بێلایەنانە لێی بکۆڵدرێتەوە و سوودە تایبەتییەکانی بۆ هەر میللەتێک روون بکرێتەوە، بێگومان گەلی کوردیش پشکێکی سەرەکی لەم قازانجە بەر دەکەوێت.

چونکە لە دنیای ئەمرۆدا، دیموکراسی سیستەمێکی حوکمڕانی دڵخوازە و وا بەرەبەرە لە قاوخی ئەوروپاییی دێتە دەرێ و بە کون و کەلەبەری جیهاندا بڵاو دەبێتەوە. کەچی هێشتا لە زۆر جێگەدا، سەرەڕۆیی و ملهوڕی سەنگەریان چۆڵنەکردووە و حوکمڕانی دەکەن. بەهەرحاڵ ململانێکە کورتخایەن نابێت. لە وڵاتی ئێمەش ئەگەر دیموکراسی نیوەچڵیش بێت، جێگەیەکی بۆخۆی کردۆتەوە، گەلی کورد لە هەموو ژیانی مێژوویدا، بۆ ئەوەی بتوانێت هەنگاوێکی پێویست بەرەو دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی بۆ خۆیان بنێن، هەوڵیانداوە و خەبات و بەرگری و شەریان کردووە کە خۆیان لە هێزە بیانییەکان دا ئازاد بکەن، کە ئەم هێزە بیانیانە کوردستانیان هەم پارچە پارچە کردووە و لەهەمان کاتیش داگیریان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن هەنگاوێکی پێویست بۆ دامەزراندنی سیتەمی دیموکراسی بهاوێژن.

داگیرکەران، ئەگەر بە هەزاران گوندیان وێران کردبێت و سەدان هەزار کوردییان لە ناوبردبێت و گازی کیمیاویان لە دژ دا بەکارهێنا بێت، سەرەڕای ئەشکەنجەدان و ماڵوێرانیکردنی گەلی کورد، کەچی دیسان کورد بە خەبات و بەرگری خۆی، نیشانی داوە کە کورد دەیەوێت چارەنووسی خۆی دیاری بکات، لە کاتێکدا گشت پارتییەکانی کوردستان هاوبیربوون رێ بدەنە گەلی کوردستان کە بە خۆیان بڕیار لە سەر ئەوە بدەن کە کامە پارتی ئەتوانێ باشتر ئیدارەی کوردستان بەرێوەببات، ئەمەش تەنیا بەرێگایەک دەهاتە جێبەجێکردن، کە ئەویش لە رێی هەڵبژاردنێکی گشتی وئازاد بوو کە هەموو پارتییەکان بتوانن بەشداربن و سیاسەت و نوێنەری خۆیان دیاری بکەن و نیشانی خەڵکی بدەن.

لەم رێیەوە، گەلی کوردستان توانی بۆ خۆی بڕیار بدات، کە لە رۆژی (١٩٩٢/٥/١٩) توانی هەڵبژاردن ئەنجام بدات و ئەو هەڵبژاردنە بووە رۆژێکی مێژوویی لە کوردستاندا، کە نزیکەی (٩٦٧،٢٢٩) دەنگدەر لە بنکەکانی دەنگداندا بەشدارییان کرد، هەروەها هەڵبژاردن و پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەت هەنگاوێکی گەلێک گرینگ بوو بۆ پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا.